وەزارەتی تەندروستی دەرگای دامەزراندن بە دەرچوانی پزیشکی لە زانکۆکانی دەرەوەی وڵات و هەرێمی کوردستان دەکاتەوە

وەزارەتی تەندروستی عێراق دەرگای دامەزراندنی بە دەرچووانی کۆلێژەکانی پزیشکی گشتی و پێیمانگاکانی پەرستاری هەرێمی کوردستان کردەوە.

ئەمە دووشەممە ٤ـی ئابی ٢٠٢٥، بە گوتەیەکی راگەیەندراوێکی فەرمی وەزارەتی تەندروستی عێراق دەرگای دامەزراندن بە دەرچووانی کۆلێژەکانی پزیشکی گشتی و کۆلێژ و پێیمانگاکانی پەرستاری هەرێمی کوردستان بە ساڵانی خوێندنی ٢٠٢٣ بۆ ٢٠٢٤ کردەوە.

هەر بۆ پێی راگەیەنراوەکە، دامەزراندنەکە ئەو دەرچوانە دەگرێتەوە کە ئارەزووی دامەزراندن لەسەر میلاکی هەمیشەیی وەزارەتی تەندروستی هەیە.

ئاماژە بەوەشکراوە، راگەیەندراوەکە لەسەر بنەمای ڕێزامەندیی ساڵح حەسناوی، وەزیری تەندروستی عێراق دەرچووە و داواش لەو دەرچوانە کراوە کە فۆرمی ئەلیکترۆنی تایبەت بە خۆیان لە ڕێگەی ئەو لینکەی بۆیان دیاری کراوە پڕ بکەنەوە.

لینکی فۆرمی پشکێشکردن بە دەرچوانی پزیشکی گشتی زانکۆکانی دەرەوەی عێراق

لینکی فۆرمی پشکێشکردن بە دەرچوانی پزیشکی گشتی و کۆلێژ و پەرستاری هەرێمی کوردستان